www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:16 2-10-2006

# وڵامێکی کورت بۆ نوسینێکی کەژاڵ ئیسماعیل ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی



لەم رۆژانەدا لەیەکێك لەسایتەکاندا نوسینێکی نوسەر کەژاڵ ئیسماعیل کەوتە پێش چاوم بە نێو نیشانی (کوردستان بۆ کی جێدەهێڵن) . شتی هەرە باڵکێش کە هانی دام بۆ ئەوەی ئەم وڵامە کورتە بۆ ئەو خانمە بنوسم ئەوەبوو کاتێك نوسینەکەیم ئەخوێندەوە لەپڕ لەژێرەوە تەماشام کرد نوسراوە هۆڵەندا واتا ئەو خانمە لەهۆڵەندا ژیان دەکات. باشە من پرسیار لەبەرێزت دەکەم گەر خۆت هەڵهاتویتەو ئەو ژیانت بۆ خۆت هەڵبژاردوە بۆ نوسینی بەم شێوەیە دەنوسی کە خەڵك کوردستان جی نەهێڵن. قسەکانت زۆربەی من لەگەڵیدام تەنیا لەگەڵ ئەو ئاخاوتەنەدا نەبووم کە دەڵی بۆ لاوەکانمان کۆچ دەکەن و با خەڵك کوردستان جی نەهێڵی و لەکاتێکدا خۆت ئەو کارەت کردوە. ئەمە وەك ئەوەی لی دی بۆ نمونە بڵێن جگەرەکێشێك بەکەسانی تر بڵی جگەرەمەکێشن راستە قسەکانی تەواوە چونکە ئەو دیاردەیە زیان بەخشە بەڵام خۆ کابرا جاری خۆی رزگار نەکردوە کۆنترۆڵی خودی خۆی نەکردوە کەچی ئامۆژگاری کەسانی تریش دەکات. نازانم ماوەیەکە واهەست دەکەم نوسەر گەلێك هەن هەر دەیانەوی تەنیا بابەت بنوسن ئیدی کاری گەری هەبێت یان نەبێت هەرچۆنێك بێت کۆمەڵی قسەی ئەم لاو ئەو لا کۆدەکەنەوە دەیکەنە بابەت. ئامانجیان ئەوەنییە کەکەسانێك بیخوێننەوە و سودی لی وەرگرن نەخێر تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە و وێنە جوانەکانیان لەگەڵ نوسینە... بڵاو بکرێتەوە. باسی وێنەم کرد شتێك هاتەمێشکم ماوەیەك پێش ئێستا نوسەرێك بەرەگز می ئەویش بۆ خۆی وەك کەژاڵ خان لەو وڵاتە ژیان دەکات کە ئەوی تێدایە هاتەکوردستان و لەیەکێك لە قەزاکانی گەرمیان ئەیگێرنەوە و ئەڵێن کەسانی ناو هۆڵەکە لەکاتێکدا چاوەروانی ئەوەبوون ئەو خانمە نوسەرەبێت کە لاوانەییە خۆی بەکوردستان نەگۆرێتەوە ئەڵێن لەپڕ ژنێك هاتە ناو هۆڵەکەوە چوە پشت ئەو مێزەی کە جێگای ئەوەیە کۆرکێران لەوی سیمینارەکەیان پێشکەش دەکەن. ئامادەبوانی هۆڵەکە حەپەسان باشە ئەمە ئەو کەسە نییە کە بە وێنە ئەیبینین لەسەر سایتەکاندا ئەو لەو چێگایە زۆر گەنج و جوانە بەڵام لێرە وانییە؟ ئیتر نازانم کەژاڵ خانیش لەوێنەدا حیلەدەکات یان نا. بی گومان ئەم قسەیەم تەنیا بۆ ئەو دوو کەسە نییە بەڵام ئەوان وەك نمونە هێنایەوە نوسەر گەلێك هەن وێنەی جوان و کاتی گەنجیان لەگەڵ بابەتەکانیان بڵاو دەکەنەوە کەچی خۆشیان ئێستا پیرن. دیارە مەبەستی منیش ئەم تەوەرە نەبو بەڵام ئیتر ئەڵی قسە دی و قسە دەردەخات.

وەك هێنامە زمان لەپێشدا مەبەستی سەرەکی من لەم نوسینەدا ئەو ناونیشانە سەر سورهێنەرەبو کە نوسەرەکەی خۆی هەڵهاتوە کەچی خەڵکیش هان ئەدات کە وەك ئەو نەکەن. من بۆ خۆم هیچ لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا نیم کە ئیدی تەسلیمی ئەمری واقیع بین و هەڵبێن بۆ وڵاتانی دەرەوە خۆ منیش ئەتوانم وەك هەزارها گەنجی ئەم وڵاتە نیشتمانەکەم بە جی بهێڵم و کۆچ کەم بۆ یەکێك لەوڵاتە ئەوروپێکان و باشترین رابواردن رابیورم بەڵام هەرگیز ژیانێکی واپەسەند ناکەم. کەژاڵ خان وا لەئەوروپاوە هەمیشە نوسینی بریقەدار ئەنوسی بۆ ناگەرێتەوە نیشتمانەکەی خۆی و خزمەت بەم گەلە ئستەم دیدەیە بکات. باوەرکە کەس کوێتان لی ناگری ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین خەیریکە ئیتر باوی خوێندنەوەو نامێنی لەکاتێکدا زۆر پێویستیمان بەشۆرشێکی زهنی هەیە لێرە لەکوردستان نەك لە تاراوگە. تۆ هەزارەها وەك تۆ تا لەهەندەران بمێنن کەس هەر بەقسەتان ناکات چونکە ئەو ناعەدالەتی کەندەلی و دزیە

لێرە هەیە پێویستی بە خەباتی رۆشنبیرانە نەك لەوی هەریکەو کۆمپیوتەرێکتان بەدەستەوەیەو لەبن ماڵەوە هەر خەریکی نوسینی... کە کاری گەری نابێت لێرە مەبەستم کوردستانە. کەژاڵ خان کاتێك گەرایەوە کوردستان و لێرە دەستت کردە نوسین بەپراکتیکیش ئەتوانی تێکۆشان کەی. بی گومان سەرکەوتن بە دەست دەهێنی بەڵام تاوەکو لەوی بێت نەخێر. جا من ئەم قسەیەم تەنها بۆ تۆ نییە بەڵکۆ بۆ هەزارەها وەك تۆیە کە لەوێوە بەقسەی زل دەیانەوی لەم هەموو قۆرخبوونە رزگارمان کەن.

لەکۆتایدا هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و هیوادارم گەر کاتێك نوسینمان نوسی وەك دراو نەبین..

خورماتوو
abdullagermiki@yahoo. com